# ڕاگەیاندنی ( کۆمیتەی هاوپشتی لەگەل کرێکارانی ئێران ـ ئوستراليا )

کرێکارانی ئێران لەبنەڕەتی ترین مافەکانیان بێبەشکراون. کرێکاران مافی پێکهێنانی ڕێکخراوەی سەربەخۆیان نیە . هەموو ڕۆژێک بارودۆخی کاری سەختتریان بەسەردائەسەپێندرێ . ڕێکەوتننامەی بەکۆمەل هەلئەوەشێنرێتەوە ولەجێ ی ئەودا ڕێکەوتننامەی تاک تاک پیادەئەکرێ . دانی کرێ ی کرێکاران بۆ چەند مانگ دوائەخرێ وئەوەش باری گوزەرانی خۆیان وخێزانەکانیانی دژوارترکردووە ودەرکردن لەکار لەئاستێکی فراواندا درێژەی هەیە .

بەلام لەلایەکی ترەوە لەم سالانەی دواییدا خەباتی کرێکاران لە پێناوی بەدەسهێنانی داواکاریە ئابووری وکۆمەلایەتی وپیشەییەکانیان بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردووە . فراوان بوونەوەی ئەم خەباتە لەلایەکەوە ئاکامی توندبوونەوەی چەوسانەوەی ئەوان ، پێشێلکردنی مافەکانیان وسەرکوتکردنی نارەزایەتی وداخوازیەکانیان لەلایەن دەسەلاتی سەرمایەداریەوە ولەلایەکی تریشەوە بەرهەمی گەشەکردنی هۆشیاری کرێکاران بووە .

خەباتی کرێکاران لەکوردستان ، خەباتی کرێکارانی کۆمپانیای ( واحید ) وسەپاندنی پێکهێنانی سەندیکای ئەو کۆمپانیایە بەسەر ڕژێمی سەرمایەداری ئێراندا ، بەشێکن لەو ئاستە بەرزانەی کە بزووتنەوەی کرێکاری ئێران لە 2 سالی ڕابووردوودا پێیان گەیشتووە . ئەم خەباتەش لەجەرگە ورێڕەوی خۆیدا چەندین کەسایەتی پێشڕەو ورابەرانی کرێکاری هێناوەتە ئاراوە . لەهەمان کاتیشدا خەباتی ژنان ، قوتابیان ، ماموستایان ، نووسەران ورۆشنبیران وهەروەها خەباتی ئازادیخوازانەی خەلکی کوردستان زیاتر گەشەی سەندووە وپەیوەندیەکی توندوتۆلتری لەگەل خەباتی کرێکاریدا پەیداکردووە .

هەولی کەلک وەرگرتن لە خەباتی کرێکارن وسەرجەم توێژەکانی تری کۆمەلگای ئێران بەشێکی هەمیشەیی بووە لەئامانجی ئەمریکا وئیمپریالیزم بەتایبەتی لەبارودۆخی ئەمرۆدا کە نائارامیەکانی ناوچەکە بەپەیوەند بە ئەزمەی ئەتۆمیەوە لەگەشەسەندن دایە . هەربۆیە پەردەهەلمالین لەسیاسەتەکانی ئەمریکا وکێشانی سنوورێکی ڕۆشن لەگەلیاندا بووە بەپێویستیەکی گرنگ .

بەرگری وبەرانبەرکێ ی کرێکاران لەبەرانبەر هێرشەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران پێویستی بە پشتیوانی وپشتگیری نێودەولەتی هەیە . هۆشیاربوونەوەی دوولایەنەی کرێکارن لەبارودۆخی هاوچینەکانیان لە وولاتانی جۆراوجۆردا تاقیکردنەوەی فکری وعملی کرێکاران دەولەمەندتر وپوختەتر ئەکات . ئەم پێویستیە ووچان هەلنەگرە بەرهەمی تاقیکردنەوەی دوورودرێژ وڕاستیەکی هاشاهەلنەگرە . پێکهێنانی پایەکانی ئەم هاوپشتیە جیهانیە ، پتەوترکردنی پەیوەندیەکانی ئێستا ویارمەتیدان بۆ گۆڕانی ڕابەران وکەسایەتیە دەرکەوتووە کرێکاریەکان لەئێران بەسیمایەکی جیهانی بەشێکن لەئەرکە گرنگەکانی تری هەلسووڕاوانی کرێکاری لەدەرەوەی ئێران .

بۆ وەلامدانەوە بەو پێویستیە مێژووییە ئێمە لەم ڕێگەیەوە پێکهێنانی ( کۆمیتەی هاوپشتی لەگەل کرێکارانی ئێران ـ ئوستراليا ) ڕائەگەێنین لەپێناوی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەدا :

1 / پێکهێنانی پەیوەندیەکی ئۆرگانیک لەنێوان کرێکارانی ئێران ویەکێتیە کرێکاریەکان ولایەن ورێکخراوە چەپ وکۆمۆنیست وپێشکەوتنخوازەکانی ئوستراليا ودابینکردنی یارمەتی وپشتگیری لەکرێکارانی ئێران .



Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

2 / بڵاوکردنەوەی هەواڵ وخەباتی کرێکارانی ئێران وپەردەهەڵماڵین وپێشگرتن لە هەوڵەکانی هێزە ڕاستەکان وئیمپریالیزم لەخەباتی ناوبراو .

3 / هەوڵی دامەزراندنی پەیوەندی ئۆرگانیک لەگەڵ سەرجەم ڕێکخراوی تری لەبابەتی ئەم کۆمیتەیە وهاهەنگیکردنی هەوڵەکانی هەڵسووڕاوانی کرێکاری لەئوسترالیا لەگەڵ شوێنەکانی تری جیهان لەم بوار وچوارچێوەیەدا .

4 / بەشداری لەناڕەزایەتیە کرێکاریەکان لە ناوخۆی ئوسترالیا ودامەزراندنی پەیوەندیەکی تووندتر لەگەڵ کرێکارانی ئوسترالیا .

( کۆمیتەی هاوپشتی لەگەڵ کرێکارانی ئێران ــ ئوسترالیا ) خۆی بەبەشێک لەبزووتنەوەی ئەنتەرناسیونالیستی کرێکاران ئەزانێ وبۆ بەدیهێنانی ئەو خاڵانەی سەرەوە لەچوارچێوەی ئایننامە وبنەما عملیەکانیدا چالاکی ئەکا وسەرجەم هەڵسووڕاوانی کرێکاری وکەسانی ئازادیخواز بانگەواز ئەکا بۆ پەیوەست بوون پێوەی وبەهێزکردنی .

بژی هاوپشتی جیهانی کرێکاران

کۆمیتەی هاوپشتی لەگەڵ کرێکارانی ئێران ــ ئوسترالیا
ئایاری 2006



Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com